# گرانی و ئاوسان و قووڵتر بوونەوەی ئەزمەی ئابووریی سەرمایەداریی ئێران

گرانی پێداویستییەکانی سەرەتایی ژیان لە کوردستان و لە هەموو ئێران تەنگی بە خەڵکی هەژار و کەم داهات هەڵچنیوە. لە کاتێکدا کە هەم بێکاری روو لە زیاد بوونە و هەم حەقدەستەکان لە باشترین حاڵەتی خۆیاندا هەر لە جێگای خۆیانن، گرانی و ئاوسان (تەوەڕوم) لە چاو ساڵی رابردوو هەر لەم وەرزەدا گەلێك چووەتە سەرێ. بانکی مەرکەزیی ئێران پێشبینی رادەی 17 لە سەد گرانی بۆ ساڵی نوێ دەکات، لە حاڵێکدا پسپۆڕانی ئابووریی رژیم خۆیان بە شێوەی ناڕەسمی رادەی 25 لە سەدیشیان سەلماندووە. بەڵام هەر لەو سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ئەمسالدا بە روونی دەرکەوت کە ئاوسان و گرانی خەریکە لە 30٪ تێپەر دەبێت. بۆ وێنە کرێ خانوو و چەند رەقەمی دیکە لە پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانە قیمەتیان لە سەدا پەنجاش زیادی کردووە.

ئەم گرانییە لە پاڵ باقی ئازارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەکوو: بێکاری، بێ خانە و لانەیی، گیرۆدە بوون بە مەوادی مۆخەدیر، کاری منداڵان، لەش فرۆشی، زەبر و زەنگی پۆلیسی و.... ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتەی نوقمی رەنج و ئازارێکی لە تاقەت بەدەر کردووە. ئەم هەلومەرجە دژوارە ئابوورییە بۆ خەڵکی دەست تەنگ و کەم داهات لە کاتێکدا هاتووە تە کایەوە کە ئابووریی رژیم لە ژێر قورسایی داهاتی زۆر و زەبەندی نەوتدا خەریکە دەخنکێ. لە ساڵی رابردوودا داهاتی دە وڵەت لە فرۆشی نەوت نزیکەی 80 ملیارد دۆلار بووە. ئەوە داهاتێکە کە لە چاو هەموو مێژووی بەرهەم هێنانی نەوت لە و وڵاتەدا رادەیەکی خەیاڵییە. دەوڵەت بە رەواڵەت بە پێی بەرنامەڕێژی درێژماوە کار دەکات، کە چی لە ماوەی ساڵێکدا لانیکەم چوار جار بودجەی رەسمی و پەسەند کراو ئاڵوگۆڕی گەورەی بەسەردا دێت و تەواوکەری بۆ دەنووسرێت. هەڵوە شاندنەوەی سووبسیدەکان کە وەکوو رێگا چارەیەك بۆ گەشەی ئابووریی سەرمایەداری ئێران چاوی لێ دەکرا، نەك هەر گە شەی لێ نەکەوتەوە، بەڵکوو ژیانی خەڵکیشی زیاتر نایە ژێر زەختەوە.

ئەم گرانی و ئاوسانە دیاردەی ئەزمەیەکی قووڵی ئابوورییە کە ئێرانی داگرتووە و باری قورسی ئەو ئەزمەیەش زیاتر لە هەر بەشێکی دیکەی کۆمەڵ ژیانی کرێکاران دەگرێتەوە. کرێکاران لە گەڵ ئەوەشدا کە دەچەوسێنەوە و بەرهەمی رەنجی ئەوان دەبێتە مایەی بەختەوەری خاوەن سەرمایەکان و دەسەڵاتداران، ژیانی رۆژانەشیان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامیدا رۆژ لەگەڵ رۆژ هەژارانەتر و دژوارتر دەبێت.

دەزگایەکی ئیداری زەبەلاح و کار لێنەهاتوو و گەندەڵ کە بۆرۆکراسیەکی بێ سنووری لێ کەوتووەتەوە، بەرنامە داڕشتنێکی نازانستی و دوواکەوتووانە کە لە دەورەی ئەحمەدی نژاد دا بە عەقڵێکی مەلایانەی دەورەی قاجار بەڕێوە دەچێ و وەکوو گاڵتە قەرار بوو داهاتی نەوت بێنێتە سەر سفرەی خەڵك، سیاسەتگەلێك کە هیچ پەیوەندییان بە بەرژەوەندییەکانی ئە کسەرییەتی خەڵکی ئەو وڵاتەوە نییە و گەمارۆیەکی ئابووری کەمەرشکێنی بۆ جەماوەری خەڵك لێ کەوتووەتەوە، خەرج و

مەخارجی بێ سنووری دەزگاکانی نیزامی و ئەمنییەتی کە بەردەوام بۆ سەرکوتی هەر چەشنە ناڕەزایەتییەکی خەڵکی ئەو وڵاتە تەیار دەکرێن، سەرف کردنی پارەی بە لێشاوو بۆ هاوپەیمانانی ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و.... ئەمانە بە شێك لە هۆکارەکانی ئابووری ئەو گرانییەن کە خەڵکی هەژار بە دەستییەوە دەناڵێنن.

کۆماری ئیسلامی بۆ رزگار بوون لە دەست ئەو ئەزمەیە هیچ رێگا چارەیەکی ئابووری لە بەردەم نییە و هەرچی بووە تا ئێستا تاقی کراوەتەوە. خولّقاندنی ئەزمەی سیاسی و گرتنە بەری سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی ناوچەییش ناتوانێ بۆ ماوەیە کی دوور و درێژ رژیم لە ئاکامەکانی ئەو ئەزمەیە دەرباز بکات و دارمانێك بۆ ئابووریی سەرمایەداری ئێران لە ئاسۆدایە.

***